سودانی جەخت لەسەر پەیوستی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کەمکاری عەرەبی دەکاتەوە

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لەمیانی پێشوازیکردنی لە ئەمینداری گشتی کەمکاری وەاتانی عەرەبی جەختیکردەوە لەسەر پەیوستی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کەمکاری عەرەبی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بەاویکردەوە سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە، پێشوازی کرد لە ئەمینداری گشتی کەمکاری وەاتانی عەرەبی بەڕێز ئەحمەد ئەبو ئەلغەیت.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پێداچوونەوە بە دوا ئامادەکاری و ڕەکخستنەکانی لوتکەی عەرەبی بە شێوەیەکی داهاتوو لە بەغدای پایتەخت کرا و هەوڵەکان بە دەنیابوون لە سەرخستنی لوتکەی عەرەبی، بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی پێگەی عەرەبی و ناوچەیی عێراق بێت و بەشداربێت لە بەدیهێنانی هیوا و خواستەکانی گەلانی عەرەبی.

هەر لە دیدارەکەدا جەخت لەسەر گرنگی لوتکە کرایەوە کە لە قۆناغێکی هەستیاردا لە پێشهات و ئاستەنگەکانی بەردەم ناوچەکە و جیهانی عەرەبیدا بەڕووداچێت، هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی عێراق لە

پەرەپەدانی چارەسەری بەردەوام و پەشکەشکردنی دەستپەشخەری پراکتیکی بە چارەسەرکردنی کێشە هاوچەرخەکان.

سودانی جەختی لەسەر پێویستی بەهێزکردنی میکانیزمەکان و دامەزراوەکانی کەمکاری عەرەبی کردەوە لە بوارە جیاجیاکانی هاوکاری و هاوبەشی عەرەبی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و ژینگەیی و گەشەپەدان، هەروەها لە بواری هاوکاری ئەمنی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی عەرەبیدا.